# ژیان

نووسینی: ئەژین عومەر

## ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک: «ژیان»

نووسینی: ئەژین عومەر

پێداچوونەوە: سالار عومەر

هەڵەچن: سۆما عبدالواحد

تایپ: نازەنین زاهیر

نەخشەسازیی ناوەوە: ستافی پرۆژەی ئاگا

نەخشەسازیی بەرگ: ڕێدار عومەر

نۆرە و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی ١٤٤٣ کۆچی بەرانبەر ٢٠٢٢ زایینیی



## دووەمین بەرهەمی پرۆژەی «بەخشەرانی کتێب»

## پێشـەکەشـە بە:

* دایک و باوکی خۆشەویستم کە هەمیشە لە پاڵپشتم بوون و متمانەی خۆیان بە من بەخشیووە و هۆکارن بۆ هەموو سەرکەوتنێکم.

* برا و خوشکەکانم.

* هەموو ئەو کەسانەی دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەست بە گۆڕانکاری دەکەن لە ژیان و بیرکردنەوەیان.

* هەموو ئەندامان و نوێنەرانی «بەخشەرانی کتێب» کە ماندوونەناسانە کاردەکەن لە پڕۆژەکە.

* هەموو ئەو کەسانەی هاندەر و یارمەتیدەرم بوون لە ڕابردوو و لە ئێستا و ئەوانەشی لە داهاتوو دەبنە ڕێنیشاندەر.



## پێشـەکی:

کاتێک مرۆڤ تووشی نەخۆشی بێئومێدی دەبێت، پێویستی بە کەسانێکی دڵسۆز هەیە دەستی بگرن و لەگەڵ ئومێدبوون ئاشتی بکەنەوە، کاتێک خۆت ون دەکەیت و نازانیت بوونی تۆ بۆچییە، پێویستت بە کەسێکە یارمەتیدەرت بێت بۆ دۆزینەوەی خودی خۆت و دڵخۆش بیت بە بوونی خۆت، کاتێک هێز لە جەستەت نامێنێت و هەنگاوەکانت پێویست نین و ناتوانیت پشت بە خۆت ببەستیت، پێویستت بە کەسێکە پێت بڵێت دەستت بێنە و هەڵسە لە کەوتنەکەت و پشت بە خودا و پاشان بە خۆت ببەستە و هەنگاو بنێ، کەوتنەکانت بکە بە پەیژەی سەرکەوتنت.

ئەم پەرتووکە لەناو ئەم هەموو بێئومێدییەدا پێمان دەڵێت بە ئومێد بین، لەناو ئەم هەموو کەوتنەدا پێمان دەڵێت هەڵسەوە و هەنگاو بنێ، لەناو ئەم قەرەباڵغی و ون بوونەدا، پێمان دەڵێت خۆت بدۆزەوە، هەموو ئەوانە و زیاتر و زیاتریشمان پێدەڵێت ...

خوشکی سەنگین و خاوەن ئومێد خاتوو «ئەژین»، پەرتووکی «ژیان»ی بۆ ناردم تا پێداچوونەوەی بۆ بکەم، جێگای دەستخۆشی و دڵخۆشییە پەرتووکی لەم شێوەیە کە پڕ بێت لە ئومێد لە کتێبخانەی کوردیدا هەبێت، خوای پەروەردگار بەرەکەت بخاتە زانست و تەمەن و کار و پڕۆژەکانی ئەم خوشکەمان.

داواکارم لە خوێنەرانی ئەم کتێبە هەر تێبینی و پێشنیارێکیان هەبوو بە شێوازێکی دروست بە نوسەری بگەیەنن و ببنە هۆکارێکی پاڵپشت و سەرکەوتن نەک هۆکاری ڕووخێنەر.

داوام لە پەروەردگاری مەزن هەیە ئەم هەوڵ و ماندووبوونەی ئەم خوشکە بەڕێزەمان بگێڕێت بە خێر و چاکە، لە دونیادا بۆی بکاتە ڕێنیشاندەر و لە قیامەتیش بیکاتە تێشووی چاک و بۆی بخاتە سەر تەرازووی چاکەکانی ...آمین.



سالار عومەر

٢٠٢٢/٨/١٣ هەولێر

## سەلام:

سەلامی خودات لێبێت خوێنەرە بەڕێزەکەم، زۆر دڵخۆش دەبم ئەم هاوبەشییەم لێ قبووڵ بفەرمووی.

پێکەوە بەناو ئەم کتێبەدا بڕۆین، ئەوەی خۆمی بە خۆم ناساند ببێتە هۆکارێک تا وا لە تۆش بکات خۆت بناسیت.

ئەوەی پێی وتم لە کوێدام بە تۆشی بڵێت.

ئەوەی وات لێدەکات ناخت ئاسوودە بێت.

مەتمانەت بە خۆت هەبێت و ئامانجێکت هەبێت.

دەزانم لەم دونیا سەرقاڵییەدا زۆر حەز دەکەیت هەم لە خۆت و ژیان و هەم لایەنەکانی تر و کەسایەتییە جیاوازەکان تێبگەیت.

هەوڵ دەدەم تێگەیشتنی خۆم سەبارەت بە هەموو ئەمانە لەگەڵتدا بەش بکەم.

هیوادارم "ژیان" ببێتە هاوڕێیەکی نزیکت و لەگەڵت بێت.

پڕ بە دڵ حەزدەکەم ئەم هەوڵەم ببێتە هەوڵێک ئاسوودەیی و خۆشیت پێ ببەخشێت.

خۆت ئامادە بکە و فەرموو با بەیەکەوە گەشتەکەمان دەست پێبکەین ...



ئەژین عومەر

.... ... ... ... ...

# خۆمم ناسی

دەزانیت کاتێک خودا پێی فەرمووم کە من کێم، ئیتر بە خودی خۆم دڵخۆش بووم و لە خۆم گەیشتم.

دەزانیت ئێستا بوونم نەبووە بە بارگرانییەک بەسەر خۆمدا؟ ئیتر وەک ئەوانە نیم کە هەر کاتێک پرسیاری «من کێم؟» دەکەوێتە بیریانەوە، بیریان دەهەژێنێت.

ئێستا بە بوونم دڵخۆشم، متمانەم بە خۆم هەیە، بەردەوامیم هەیە لە کێشەکاندا، چونکە دەزانم توانایەکم هەیە.

ئێستا دەزانم خۆشی من و ئەو شتەی دەبێتە خۆشی من بۆ بوونم چییە.

دەزانیت ! گەر بەم هەموو ئەندامە ناوازە و بەم هەموو بیرکردنەوە و هەستانەی پێم دراون خۆمم نەناسیایە، گومانم لە مرۆڤبوونی خۆم دەبوو؟!



## لە کوێدام؟!

بێگومان دوای ناسینی خودی خۆم، دەبێت بزانم ئایە ئەو زەوییەی لەسەری دەژیم لەگەڵ ئەم بوونە دەگونجێت؟! ئایا چی جۆرە شوێنێکە!

دەزانیت ! هەر لە وەڵامی خوداوە بۆم دەرکەوت؛ تەواو گونجاوە لەگەڵ ئەم بوونەمدا ئەم هەموو شتەی لەناو ئەم زەوییە و خودی زەوی خۆی، ئەو شوێنەی ئێمە لەسەری دەژین هۆی بوونمانە.

دەزانیت ! زۆر زۆر پێویستە بزانم ئەمە چییە و بۆچی هەیە!

هەر لە وەڵامی خودا بۆم دەرکەوت کە هەمان ئامانجی بوونی منی هەیە، واتە: زەوی و بوونم بۆ ئامانجێکن.

ئێستا خۆم بە بچووک و تەواوی گەردوون بە گەورەتر دانانێم، چونکە ئێستا هەر شتێکی بۆ من بۆتە ڕێنیشاندەر و شتێکم پێ ڕادەگەیەنێت.

بۆم دەرکەوتووە دەکرێت خراپەیەک بکەم، بەڵام تەواوی گەردوون هەر پێم دەڵێت من هاتووم زیاتر و زیاتر هاوکاریت بکەم.



## من نەمدەتوانی بەتەنیا بەم ڕێگەیەدا بڕۆم:

خۆمم ناسی و ئەو شوێنەی تێیدا دەژیم ناسیم، بەڵام پێویست بوو تا بەو ڕێگەیەدا بڕۆم کە دەمگەیەنێت بە ئامانجی بوونم و زەوی و تێگەیشتن لە دروستکەری هەردووکیان، کەسێک هەبێت کە مرۆڤ بێت و هەمان هەستی منی مرۆڤی هەبێت و خۆی بەرەو ئەمانە بەرێت و منیش بەرە و ئەو ڕێگەیەدا بەرێت، خوداکەشمان پێغەمبەری نازداری (ﷺ) نارد لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش هەر لەگەڵمانە و هۆکاری ڕۆشنایی ڕێمانە و هاوبەشیمان دەکات لەم ڕۆشتنەمان بە ڕێگەدا.

دەزانیت ! دەبێت هەم سوپاسی خودا و پاشان پێغەمبەری نازدارمان (ﷺ) بکەین؟

«خودایە شوکرانەی تۆ دەکەم بۆ بەخشینی ئەم پێشەوایە (ﷺ) مەزنە.»



## سەرچاوەکەمان:

هەم من هەم پێشەواکەم، خودا وتەی خۆی بۆ ناردین، تا لەڕێی وتەکانی لە دروستکەرەکەمان تێبگەین و بزانین ئایا ئەم بوونەی هەمانە بە چ شتێک خۆشەویستی پێ بدەین و بە چ شتێک لە ئازار و ناخۆشی بیپارێزین.

چەندە کتێبێکی جوانە و لە ناخ نزیکە، تەنانەت خوێندنەوەی ئارامیت دەداتێ، هەموو لایەنەکانی ژیان لەم کتێبە جوانەدا باسکراوە.

سەیرکە ئەم کتێبە وات لێدەکات خۆشی بە خۆت بدەیت و ناخۆشی لە خۆت دوور بخەیتەوە، لەسەرووی هەموو ئەمانە بەدیهێنەرت بناسیت.



## کە تۆم ناسی!

من ڕاستی دەدوێم، دەزانیت ئەو کاتەی بە ویستی ئەوم کرد، ئیتر تەواوی ویستەکانم دەتگوت ئەو شتەیان پێدراوە کە دەیانویست!

دەزانیت کاتێک بە ویستی ئەو کردارەکانم ئەنجامدا ئەگەر چی هەندێک جار زەحمەت دەرکەوتایە، بەڵام بەرهەمێکی خۆش و باشی پێداوم و وای لێکردم ئاخ و داخ بۆ کردنی نەخۆم؟

من ئێستا گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە خۆشەویستی ئەو وای لێکردم بە جوانترین شێوە خۆمم خۆشبوێت و هێندەم لێ زیادە خۆشویستیی دەبەخشمە دروستکراوەکانیشی.

چەندە ئاسوودەم بۆ هەر «کردارێک - ووتەیەک - ئیشێک – ئامانجێک» دەگەڕێمەوە لای و بە جوانترین شێوە ڕێم نیشان دەدات.



## هەنگاوەکانت!

دەزانیت من و تۆ چەندێک هەنگاومان بۆ دوور لە خۆمان ناوە؟

دەزانیت وا تێگەیشتووین بەرەو لای خۆمانە، کەچی کاتێک زانیومانە ئەها چەندێکە لە خۆمان دوور کەوتووینەتەوە؟!

تکات لێدەکەم بەرەو لای خۆت هەنگاو بنێ و لە خۆت دوور مەکەوە، ئەگەرچی زۆرینە وا بکەن و لە خۆیان دوور بکەونەوە، بەڵام با تۆ جیاواز بیت، بگەڕێوە بۆلای خۆت!



## ئەوەی دەمویست:

هەر لە بەیانییانەوە کە هەڵدەستام دەمویست ڕوویەکی خۆش بڵێت "بەیانیت باش".

کە چوومە زانکۆ هاوڕێکەم بڵێت: "هاوڕێکەم چۆنی" و گەرم و گوڕ و دەم بە خەندە بێت لەگەڵم.

دەمویست بە «بۆچوونەکانم» بڵێن "زۆر باشە".

بە کورتی دەمویست کە بۆم دەکرێت بە گەرموگوڕی و خەندە بێت و دڵم ئازار نەدات.

جا ئەمانە بۆ کەسە نزیکەکانم یان دوورەکان بێت، بەڵام ئێمە شتێکمان لەیاد کردووە، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەوانی تریش وەک من هەمان هەستیان نییە؟ ئایا جوان قسەم بۆ کردوون و لە حاڵیانم پرسیوە و ئازاری دڵیانم نەداوە؟ ئەوەی بۆ خۆم ویستوومە و پێم خۆش بووە بۆ ئەوانیش ویستوومە؟



## وام دەزانی ...

وام دەزانی ئەو قسەیەی بە گاڵتە دەیڵێم بۆ بەرانبەرکەشم هەمان شتە و تەنیا گاڵتەیەکە.

وام دەزانی بە باسکردنی: "من وام کردووە و من وام کردووە" بەرانبەرەکەشم بەرەو باشە دەبەم.

وام دەزانی ڕەخنەگرتن لە بەرانبەر، واتە: "من بەرزتر و تۆش هەڵەکار؟!"

وام دەزانی گەر پێت بڵێم: "جوانتکرد، باشتکرد". دابەزینی کەسایەتی خۆمە و بەرزکردنی تۆیە؟!

من زۆرم وام دەزانی ...

بەڵام هەموو ئەم «وا زانین»نانە وایان لێکردم تۆم لەدەست بەرن و دەروونم پڕ خەم بکەن.



## لەگەڵت دەبم

من لە ڕێگەکەتدا لەگەڵت دەبم، چونکە بە ڕێگەی خۆمی دادەنێم.

من لێت تێدەگەم و ناڵێم: "بۆ نەتکرد".

من ئێستا بەر لە نەکردنەکانی تۆ هۆکاری نەکردنەکان دەدۆزمەوە.

دەمەوێت ئاوێنەت بم، هەموو جار بەرانبەرم بوەستیت و وەک ئاوێنە بە بێدەنگی هەڵەکانت نیشان بدەم.

ئەی کەسە نزیکەکانم؛ منیش وەک ئێوە نەمتوانیوە بە هەموو شتێک ڕابگەم کە ویستوومن!



## وا دیارە سەردەمی خۆپەرستییە!

ڕەنگە تۆش بە هەمان بیرکەی من گەشتبیت!

دەزانیت خۆزگە دەخوازم خۆپەرستی ئەم سەردەمە، خۆشی بۆ خودی کەسەکە دابین کردبێت.بەڵام؛

دەزانیت ئێستا نەخۆشی دەروونی و جەستەییەکان زیاتر بووە؟

دەزانیت خەم زیاتر بووە؟

ئێمە لەبیرمان کردووە کە؛ ناتوانینتەنیا خۆمان بین.

کەواتە؛ گەر خۆپەرستی چارە بووایە نەدەبووە هۆکاری ئەم هەموو نەخۆشی و ناخۆشییە!

«سا دەست هەڵگرن لە خۆپەرستی!»



## با پێکەوە بین

دەزانیت پێغەمبەری نازدارمان (ﷺ) ڕاوێژی لەگەڵ هاوەڵەکانی کردووە و ڕای وەرگرتوون و بەتەنیا بڕیاری نەداوە؟

دەزانیت خودا دەڵێت: "کردوومن بە گەلی جیاواز تا یەکتر بناسن"؟

بەڵام ئێمە بارگرانییەکی زۆرمان خستۆتە سەر خۆمان و هەموو شتێک بەتەنیا و بۆ خۆمان بڕیاری لەسەر دەدەین.

«سا وەرە و ئەو بارگرانییە دابنێ و پێکەوە ژیان بکەین.»



## پیشەی دادوەرییەکەت لێ وەردەگرمەوە

بێگومان پێش ئەوەی دادوەرییەکە لە تۆ وەربگرمەوە، لە خۆشم وەرگرتۆتەوە!

دەزانیت زۆر سەیرە؛ لەسەر هەموو شتێک قسەمان هەیە!، جا سەیرتر ئەوەیە زۆربەی کات ئەو شتەی دەیڵێین باش نییە و کەسیش داوای لێ نەکردووین قسەی لەسەر بکەین!

بێگومان ئەم دەستەواژەیەت وتوە: "جا ئەوە پەیوەندی بە منەوە چییە؟"، ئیجا بزانە هەندێک کەس هەمان شتیان بە ئێمە وتوە.

وەرە با واز لەوە بهێنین، چونکە ئەوکات پێویستە بڕوانامەی پرۆفیسۆریمان لە هەموو بوارێک هەبێت، من دڵنیام پێم ناکرێت، وە گومانم هەیە بە تۆش بکرێت.

## خۆتت خۆشبوێت

لات سەیر نەبێت کە بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێتم زۆرینەی کارەکانی کردوومانە وای کردووە وردە وردە خۆمان خۆش نەوێت!

تکایە شتێک بڵێ و خۆت دڵخۆش بکە؟ بڕۆ بۆ شوێنێک دڵت خۆش بکات، بخۆ بە دڵی خۆت و بپۆشە بە دڵی خۆت، ئەو بڕیارە بدە کە بۆ خودی خۆت باشە.

بەڵام؛ «با هەموو ئەو شتانە لەژێر ویستی بەدیهێنەرەکەماندا بێت.»



## تەنیا تاقی بکەوە!

بەو ڕێگایەدا ڕۆشتم کە ئەو پێی وتم.

وەڵێ هەندێک جار زانست دەیوت ڕاست نییە.

وەڵێ دەیانوت وازهێنانە لە خۆت.

وەڵێ دەیانوت جارێ زووە و با گەورەتر بیت.

بەڵام کاتێک گەیشتم خەرمانێکم خستە سەر زانست و ئازادییەکی زۆر.

تەمەنیشم لەدەست نەچوو و خۆمم زیاتر لەلا خۆشەویست بوو.



## خێزان

خێزانەکەتت زۆر خۆش بوێت، بڕواکە و دڵنیابە ئەم خێزانەی کە هەتە گەورەترین سەرمایەتن لە ژیان.

تەنیا بەوەدا بزانە کاتێک نیگایان دەکەیت؛ دڵت دەکرێتەوە و هەست بە بوونت دەکەیت، تەنیا لەگەڵ ئەواندا ئاسوودەترینی و بێ ئەوان دڵتەنگ.

«تۆ بە خێزانەکەتەوە بوونت هەیە»



## زوو دروستکەر و زوو تێکدەر!

پەیوەندییەکانی ئەم سەردەمە زۆر زوو دروست دەبن و زۆر زوو تێک دەچن.

تکام وایە بەدوای «زۆرینە» نا، بەدوای «جۆر» بگەڕێ و واز لە مادده بێنە، چونکە زۆرینەی مادده پەرستان بەدوای مادده و شتانی ماددی دەکەون.

جا تۆ خودی خۆت دڵنیای کە هەموو شتێکت بە مادده دەست دەکەوێت، لەکاتێکدا یەک قسە دەتوانێت بتڕوخێنێت، یان دەتوانێت ژیانت پێبداتەوە.

**«بۆیە ئاگاداری «جۆر» بە»**



## ڕاستییەک:

دەزانم چاکەکردن و کردارجوانی سەخت بووە، بەڵام ڕاستییەک هەیە؛ ئەگەرچی چاک کرداری و چاک ڕەفتاری سەخت بووە، بەڵآم خۆشی و چێژی زیاتر بووە، خۆت لەم چێژە بێبەش مەکە!

ڕاستییەکی تر ئەوەیە لەکاتێکدا کە چاکە سەختە، بەڵام نەکردنی تۆ زەحمەت تری دەکات.

هەروەک چۆن چاک ڕەفتاری سەخت بووە، بەهەمان شێوە نەکردنیشی باجەکەی قورستر بووە.



## وا نەزانیت ...

وا نەزانیت کە دەبێت دەست لە هەموو شتێک بشۆریت و ئیتر بڵێی: "دونیا باش نابێت".

تۆ لەخۆتەوە دەست پێبکە، دڵنیام دەرەنجامی زۆر گەورەی دەبێت!

خودا هەمیشە لەگەڵمانە، هەروەک چۆن دڵێک بەردەوام لێدەدات و ئۆکسجین بەردەوام هەیە، ئەویش بەردەوام لەگەڵمانە.



## قورسمان کردووە!

با سەیرێک بکەین ببینین چەندین شت هەیە بێ ئەوەی شایەنی بێت لای خۆمان گرنگ و گەورە کردووە.

تەماشا بکە؛ ئەوەی گرنگترە بۆت «کردار و گوفتارەکانتە»

«شتانێک بەلاتەوە گرنگ بێت کە بۆ کردار و گوفتارت گرنگن.»



## گێڕانەوەیەکی باپیرەم:

باپیرەم دەیوت: خوولە شەش کەر (گوێدرێژ)ی هەبوو، هەموو کاتێک دەچووە سەر پشتی کەرێکیان و سەیری دواوەی دەکرد و کەرەکانی تری دەژمارد.

دەی ژمارد پێنج دانە بوون، دووبارە دەی ژماردن هەر پێنج دانە بوون، دەزانیت بۆچی؟

چونکە بیری چووبوو ئەو کەرەی لەسەری وەستاوە بی ژمێرێت!

سەیرکە ئێستای حاڵی خۆشمان وایە، سەیری ئەوە ناکەین کە هەمانە، تەنیا سەیری دەورووبەر دەکەین، وەک (خوولەی ساحێب شەش کەر) سەرمان لەخۆمان شێواندووە، نازانین هەر ئەوەی کە لەسەری وەستاوین و هەمانە شتانێکی زۆرن و جێی بەختەوەرین.

## تووڕەبوون

دەزانیت حەق نییە توڕەبین؟

چونکە زۆربەی توڕەییەکان پەشیمانی لەدوایە، لەبەر ئەوەی تووڕەبوون سەیرکردنی شتەکانە بە یەک ڕوو، نەک هەردوو ڕوو!

پێش تووڕەبوون بزانە تۆ هەموو کاتێک ڕاست نیت، با هەندێک جاریش ڕاست بیت، بەڵام ڕەنگە بەرانبەرەکەت ڕاستتر بێت.

تووڕە مەبە، تووڕەبوون چارەساز نییە، بەڵکو درێژەدانە بە کێشە و گەورەکردنێتی.

بۆیە: «ڕێگە بە خۆت بدە بگەیتە ڕاستییەکان، تا بزانیت ڕاستیت یان هەڵە.»



## وەرە خۆشییەکت پێ بڵێم:

من وتم وەرە هاوبەشی بکەین، بۆیە ئەمەشت لەگەڵ بەش دەکەم: "گەر خەمبار بوویت، ڕاڕا بوویت، بێزار و دڵتەنگ بوویت ..." ناوی پێشەواکەمان بهێنە و سەلامێکی بۆ بنێرە.

**تاقیبکەوە؛ بەڵام، با لە دڵەوە بێت، ئەنجامەکەی دەبینیت.**



## دەترسیت؟

بزانە، ئەو خودایەی کە بەدیهێنەرمانە خۆشی دەوێین.

خۆ دەزانیت ڕۆژانە پێنج جار بانگمان دەکات و هەردەم ئامادەیە گوێ بگرێت.

کاتێک سەرپێچی دەکەیت، ئەو هەر چاوەڕییە بگەڕێیتەوە لای و ڕەحمی خۆیت نیشان بدات.

بەڕاست! چ خۆشەویستییەک هەیە دوای هەڵە کردن بڵێت: "بگەڕێوە بۆ لام میهری خۆمت بەسەردا دەڕێژم".

ئەو هەمیشە دەفەرموویت: (اني قريب)، من نزیکم لێت!



## سەختییەکانی ژیان

دەزانیت ! سەختییەکانی ژیان یەکێکە لە شتە باشەکان کە پێت دەبەخشرێت!؟ ڕەنگە پێرسی چۆن؟

بۆ نموونە، کاتێک تۆ تامی سەختییەکت کردووە، ڕێگە بە خۆت نادەیت ئەم سەختییە بخەیتە سەر ڕێگای کەسانی تر.

«چەندە جوانە سەختییەکان نەهێڵین!»



## بۆ میهرەبانی زیاتر، میهرەبان بە!

دەزانیت خودا زۆر لەگەڵمان میهرەبانە!

ئایا دەتەوێت زیاتر میهرەبان بێت؟

کەواتە؛ بە میهرەبانییەوە لەگەڵ دروستکراوەکانی مامەڵە بکە.



## ئەگەر من ...

ئەگەر من نەمتوانی بەم ڕێگەیە بەردەوام بم و سەرکەوم، ئەوکاتە دەستی تۆ دەگرم تا ئەو شوێنەی کە من لەسەر ڕێگە پێی گەیشتووم دەتبەم، بەڵکو تۆ بتوانیت ڕێگەکە تەواو بکەیت.

ئەگەر من نەمتوانی بەگوێرەی ناخی خۆم بکەم، ئەوکاتە بە تۆ دەڵێتم: گوێ لەم دەنگە جوانانە بگرە و بە گوێی ناخ و ویژدانت بکە.

پێت دەڵێتم: دووربوون لێیان و بە قسە نەکردنیان چەند بە ئازارە.



# دڵخۆش بە

**هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە و خەمەکانت بخە لاوە.**

**لە دڵەوە هەست بکە خودا لەگەڵتە و هەرگیز جێت ناهێڵێت.**



## بۆ ئەو باشە، ئەی بۆ تۆ؟

لەم ڕۆژگارە زۆر دەبیستین کە؛ "وای وت و وای کرد، ئەوەی هەیە و ئەوەی پۆشی، ڕۆژانە دەچێتە ئەم شوێن و ئەو شوێ"!

ئێمە شتە گرنگەکەمان لەبیرکردووە؛ «ژیانی ئەو بۆ ئەو گونجاوە»

بزانە هەندێک جار شتێک هۆکارە بۆ دڵخۆشی تۆ، بەڵام هەمان شت هۆکارە بۆ نائاسوودەیی کەسێکی تر!

هەمیشە «سوپاسگوزار بە»



## ئەوە بڵێ کە پێت خۆشە پێت بڵێن

هەندێک جار دەڵێین: توڕەبووین بۆیە وامان گوتووە

بەڵام بیرت چووە کە دەرمان تەنیا بۆ کاتی نەخۆشییە.

قسەکەت دەرمانە، بەڵام بەکارهێنانی دەرمان بە نەزانی دەبێتە هۆی کوشتنی نەخۆش.



## ئارام بە

ئەو کاتەی شتێک ڕوودەدات «ئارام بە»، ئارامییەکەت نابێتە هۆی «بچووکبوونەوەت»، بەڵکو دەبێتە هۆی «پاراستنی گەورەیی و شکۆی خۆت و بەرانبەرەکەت.»



## سـەیرە!

سەیرە، بۆ وەک مرۆڤ لە بەرانبەرەکەمان ناڕوانین؟ هەموو شتێک بۆ خۆمان دروستە، بەڵام بۆ بەرانبەر ...نـا!

"نـا نابێت، چۆن شتی واتکرد؟، چۆن دەبێت ئاوا بکەیت؟"

وازبێنە!، لە دیدی خۆتەوە حەرام و حەڵاڵ دامەنێ بۆ خۆت و خەڵکی.



## دەڵێت حەقم نییە، بەڵام ...

کاتێک دوو هاوسەر دەبێتە کێشەیان هەندێک جار گوێت لەم دەستەواژەیە دەبێت لەلایەن خەڵکەوە دەڵێتت: "من حەقم نییە بەسەرتانەوە و خۆم ناخەمە نێوانتان، بەڵام من لەجێگەی ئەو ژنە بم دانانیشم لای ئەو پیاوە، -بە پێچەوانەشەوە-"

دەزانیت ئەم شێوازی قسەکردنە چەندین جار کێشەکانی قووڵتر و بگرە جیابوونەوەشی لێ کەوتۆتەوە؟



## من لە ڕوونکردنەوەکانت لابە!

من لە ڕوونکردنەوەکەت لابدە و وەرە حیساباتێک بکەین.

حیساباتەکە بە «من» دەست پێدەکەین بەم شێوازەی خوارەوە:

"من شتێکی گەورەم کرد هەرچەندە سەخت بوو"، ئەمە وەکو ئەو شتە وایە کە تۆ ئێستا لێی تێناگەیت تا بیکەیت.

دەزانیت هەموو ئەمانە یەکسانە بەوەی کە بەقسەت ناکات و ڕوونکردنەوەکەشی بە دڵ نەبوو!

دەزانیت ڕەنگە ئەو زیاتر هەست بە کەمبوونەوەی خۆی بکات نەک تێبگات، چونکە ئەویش وەک تۆ وایە، بەڵام وەک تۆی پێنەکراوە.



## ئەم چەند خاڵە بزانە:

دەزانیت هەندێک کەس بۆیە پێنەکەنیون کاتێک قسەیەکی پێکەنیناویمان بۆ گێڕاونەتەوە؟

دەزانیت لەکاتی باس کردنی شتێک کە لەلامان گەورەبووە بەڵام بەرانبەر بەگەورەی دانەناوە؟

بیرت کردۆتەوە بۆ چی کارێکت بە بەرانبەرەکەت سپاردووە بەڵام ئەو ئەنجامی نەداوە؟

بابزانین:

یەکەم: لەبەر ئەوە بوو کاتێک قسەکەت کردووە ڕەچاوی حاڵ و بارودۆخی بەرانبەرت نەکردووە.

دووەم: چونکە تۆ ئەو شتەت زۆر گەورە کردووە و چەندین جاریش باست کردووە.

سێیەم: بزانە یان داواکارییەکانت زۆرن یان کاتێکی نەگونجاو ئەو داوایەت کردووە کە کەسی بەرانبەر ئەو مەجالەی نییە تا ئەمرۆ جێبەجێی بکات.



قسەیەک ناکەم لای تۆ خەیاڵ بێت، ئەمە ڕاستییە و بەشێکە لە ئەزموونی ژیانم.

**«هەوڵ بدە و بەردەوام بە، دەرگاکان لەسەر خۆت دامەخە»**



## بیانووت نییە بۆ بێئومێدبوون

ئێمەی مرۆڤ دەڵێین: "نابێت، ئەم دەرگایە ناکرێتەوە". ئەمە ڕاستە چونکە هێشتا لە دەرگاکەت نەداوە!

جارێک تاقیبکەوە و لە دەرگا بدە، ڕەنگە خاوەنماڵ زۆر میهرەبان بێت و دەرگاکەت بۆت بکاتەوە.

جارێک ڕێگە بگرەبەر و هیممەتت هەبێت، تەنیا مەوەستە و بێئومێد مەبە.

دەزانیت ! خاوەنی هەموو ڕێگەکان و دەرگاکان خودایە؟، کەواتە هیچ بیانوویەک نییە تا بێئومێدت بکات.

قاچەکانت بۆ ڕێگە بخە کار و دەستەکانیشت بۆ کردنەوەی دەرگاکان ...



## بەرەنجامەکان چۆنن؟!

گەر خوێندبێتتەوە یان گوێت گرتبێت لە ئەنجامی توێژینەوە زانستییەکان، سەرت سوڕماوە بە دەرەنجامەکان.

بەڵام سەرسامبوونی گەورەتر ئەوەی ئێستایە!

زۆر شت دەگوترێت بۆ خۆشی و بەختەوەری و ئازادی مرۆڤ.

بەڵام توێژینەوەکان دەریدەخەن ئەمانە خراپتر بوون و ڕێژەیان زیاتر بوون!



## خۆت بە، بەڵام خۆپەرست نا

ئەزموون لە ژیانی کەسانی تر وەرگرە، بەڵام «خۆت بە»، چونکە خودای میهرەبانیش تۆی وەکو خودی خۆت دروست کردووە و نەیکردووی بە کۆپی کەسانی تر.

ئەها سەیرکە: کەس سزای کەسێکی تر هەڵناگرێت و حیسابی کەسی تری لەگەڵ ناکرێت.

کەواتە: «خۆت بە، خوداش تۆی وەک خۆت قبووڵە، نەک کەسێکیتر.»



## لەبیرت ناکات!

ئاگات لێیە! ئەو مێرووله بچووکەی لەژێر سێبەری گوڵەباخەکە دایە، چەندە جوان پارچە خواردنێکی هەڵگرتووە و دەیباتەوە بەرەو لانەکەی؟

خودای میهرەبان ئەم مێروولەیەی لەم شوێنە لەیادنەکردووە.

ئەی چۆن ئەو مرۆڤە لەبیردەکات کە کردوویەتی بە گەورەی بوونەوەرانی تر و ڕێزی پێ بەخشیوە؟!



## متمانە

کاتێک خۆشەویستمان کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەو پەڕی بێهێزی و لاوازی بوو، بەڵام متمانەی هەبوو کە تاج و دەسەڵاتی کیسرا دەکەوێتە دەستی موسڵمانان!

چونکە متمانەی بە خودا و بە بەڵێنی خودا هەبوو.

من و تۆش با متمانەمان هەبێت بە بەڵێنەکانی خودا لەو بەڵێنانەی کە پێی داوین وەک (بینینی خۆی لە بەهەشت، مانەوە لە بەهەشت و چەندینی تر).

کەواتە داوا بکە و متمانەت هەبێت، چونکە متمانەبوون بە خودا لەو پەڕی بێهێزیش بیت، بەهێزترینەکانت بۆ بە چۆک دەدات.



## خۆشمانەوێی

لە قووڵایی دڵتەوە بە هەموو هەست و بوونتەوە بڵێ: "خودا تاقانەکەم زۆرم خۆشەوێیت"

چونکە ئەو زۆر دەمێکە بە ئێمەی وتووە: "خۆشم دەوێی ئەی بەندەکەم".



## ئەوەی بەرگە دەگرێت لە بەرزی دەمێنێتەوە

گشت کارەقورسەکانت وەکو ئەو گەڵایە سەیر بکە کە لە بەشی سەرەوەی دارێکە و دەبینیت وەک ئەو گەڵایەی لە بەشی خوارەوەی هەمان دارە سەوزە و هەمان ڕەنگیان هەیە.

سەیرە! ڕەنگە چەندجار وتبێتمان: "ئەها ئەو لقە بەرزە چ شێوەیەکی جوانی پێوەیە"، دەستمان بۆی بەرز کردبێت و ئاماژەمان بۆی کردووە!

تۆش هەوڵبدە و مەڵێ: "ئەستەمە، وەرە و ببە ئەو گەڵا بەرزە ئاماژە بە جوانی و بەرزیت بکەن."

ڕەنگە ئەوانەی خوارەوە کەمێک زووتر ئاو و خۆراکیان پێبگات، بەڵام ئەوانەی سەرەوەش بەرگەی سەختییەکان دەگرن تا خۆراک و ئاویان پێ دەگات.

تۆش بەرگەی سەختییەکان بگرە، وەک ئەو گەڵایەی بەرگەی گرتووە و لەبەرزی ماوەتەوە.



## بەدوای هۆکارەکان بگەڕێ

با سەیرێکی هەندێک لەو کارانە بکەین کە بۆمان تەواو نەبووە.

با وورد بینەوە و هۆکاری تەواو نەبوونیان بدۆزینەوە.

ناکرێت دەست لە ئامانجەکانمان هەڵگرین، بەڵکو دەبێت دووبارە بەدوای هۆکار و هەڵەکە بگەڕێین.

زۆر جار ئەنجامدانی ئەمکارە بۆتە هۆی ئەوەی ئەنجامی گەورەترت دەست بکەوێت.

بیرت نەچێت خودا کەسی بەردەوامکار و چالاکی خۆش دەوێت.



## بە کردار خۆت بسەلمێنە

تۆ لەو کەسانە مەبە هەمیشە ڕا و بۆچوونیان لەسەر هەموو شتێک هەیە و ناتوانن پشـووێک بە دەمیان بدەن، لەکاتێکدا کرداریان نییە.

تۆ ئەو کەسە بە؛ بە کردار ڕات دەرببڕە.

کاتێک قسە دەکەیت؛ گوێیەکان ئارەزووی وەرگرتنی قسەکانیان هەبێت و دڵەکانی پێ بکرێنەوە و قاچەکان بۆیان بکەونە جووڵە.



## سەلامەت بە بۆ ئەوانی تر

پێغەمبەری نازدار (ﷺ) دەفەرمووێت: (المسلم من سلم من لسانه ویده)[1]

واتە: (موسڵمان ئەو کەسەیە کە کەسانی تر لە دەست و زمانی ئەمین و سەلامەت بن).

دەبێت ئەم زمانەمان بۆ خودی خۆمان و دەورووبەر، ئەم دەستانەمان بۆ خودی خۆمان و دەورووبەر، چەندی زیانی هەبوو بێت!؟



[1] بوخاری (١٠)، مسلم (٤٠)

چەندە جوانی فەرمووە: (موسڵمان؛ تانەلێدەر و جوێندەر و زمان پیس، نییە).

(موسڵمانان برا و خوشکی یەکترن).

«خۆشمان دەوێیت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)»



## لە خۆشویستی خوداوە دەست پێ بکە

گەر دەتەوێت هەم دڵ و هەم عەقڵت دادوەر و میهرەبان بن و خۆشەویستی دەرببڕن، ئەوا بۆ هەموو شتێک: سەرەتا لە خۆشویستن بۆ خودا دەست پێ بکە.

کاتێک ئەم خۆشەویستییە دروست بوو، خۆت و دەورووبەر و هەموو دروستکراوەکانی ئەویشت خۆشدەوێت، دڵنیابە!



## چەندین جار دەڵێین بۆچی؟!

دڵنیام لە زۆر کاتدا، لە زۆر ڕووداو دا، لە بیرکردنەوەکانتدا وتوتە بۆچی؟!

بەڵام نەتپرسیوە لەبەرچی؟

دەی، ڕەنگە ئێستا بڵێیت بۆچی و لەبەرچی جیاوازی چییە؟

جیاوازییان ئەوەیە؛ کاتێک تۆ دەڵێی بۆچی؟ هۆکاری ئەوەیە زۆربەی کات لەبەر حەزلێنەبوونتە بۆ ئەو بابەتە.

کەواتە لە ئێستا بەدواوە بۆ ئەو شتانەی حەزت لێی نییە، بۆ ئەو شتانەی ڕقت لێیەتی، یان لات قورسە، بگەڕێ و بزانە لەبەرچی خودا ئەمەی کرد، بۆ لە ژیانتدا ڕوویدا!!

ئەوکاتەی کە وەڵامی «لەبەر چی»یەکانت دۆزییەوە، ئیتر خۆشحاڵ دەبیت و ناڵێیت «بۆچی؟».



## لە خۆت پرسیوە کەسایەتیت چۆنە؟

بەشێک لە مرۆڤەکان کەسایەتی بە پێی بارودۆخەکان و بە پێی بەرانبەرەکەی دەگۆڕێت.
بەشێکی تریان بە هیچ بارودۆخێک و لەگەڵ هەموو کەسێک، کەسایەتی خۆی ناگۆڕێت.
مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە دەزانیت؟
با سەیری خۆمان بکەین! چەند جار وتوومانە: "ئاخر تۆ لەوکاتە لەوێ نەبوویت، تۆ لە شوێنی من نەبوویت"، "دەزانیت چەندە لام خۆشەویستە؟"، "دەزانیت چەند ماندوو بووبووم؟"
ئەمانە و زیاتریش دەڵێین، تا بەرانبەرەکانمان لێمان تێبگەن.
بەڵام، ئەی کەسایەتی خۆمان؟

دەی هەوڵبدە کەسایەتییەکت هەبێت هەست بە بوونی کەسایەتیت بکرێت، کۆپی کەسانی تر مەبە، بەڵام «وەرگر بە»، بەرانبەرت مەڕووخێنە بە ڕەخنە، بەڵکو خود دروستکەر و بەرانبەر بنیادنەر بە.

گرنگی کەسایەتیت لەوە دایە پێش بیرکردنەوە و بڕیاردانت سەیری باروودۆخی بەرانبەر و تەمەن و هۆکار و ئامانجی کردنەکە بکەیت.
ئەها بۆ خۆمان چۆن ڕوونکردنەوەمان دا!؟
پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرمووێت: (ئەوەی یارمەتی برای موسڵمانی بدات، خودا یارمەتی دەدات).
دەفەرمووێت: (دوعاتان بۆ یەکتر وا دەکات فریشتەکان بڵێن خودایە بۆ دوعاکارەکەش هەمان شت ببەخشە).



## ئاگادار بە!

ڕەنگە ئێمە بەشێک لەو ئازار و ماندووبوونە و هەوڵانەمان نەدیبێت و بۆمان ئەنجامدراوە، بکەرەکەش بۆی باس نەکردووین.

بۆیە ئاگادار بە لەو کاتەی توڕە دەبیت، لەو کاتەی بیر لەوە دەکەیتەوە ئەو شتانەی بۆی کردوویت، هەستی پەشیمانی داتدەگرێت، بۆ ئەو شتانەی کە دەیزانیت.

ئەی ئەوانەی کە نایزانیت چی؟



## لەدەستدانی گەورە!

ڕەنگە لە ژیانتدا تووشی لەدەستدانی زۆر گەورە ببیت.

بۆ نموونە: لەدەستدانی نزیکەکانت

دەگریت و بێتاقەت دەبیت.

بەڵام ئەم گریان و بێتاقەتییەت نابێتە هۆی گەڕانەوەیان.

ئەوانەی ڕۆشتن لەخۆیان ڕۆشتن، بەڵام تۆ هێشتا هەیت.

خۆت لەدەست مەدە بەزیندووی، زۆرن ئەو مرۆڤانەی مردووی گەڕۆکن، تۆ هەمیشە زیندووبە و پشت بەخودا ببەستە.



## هەڵەکانت پەیژەن بۆ سەرکەوتنت

دەکرێت بە یەکەم هەوڵ نەگەیت بە ئامانج.

دەکرێت هەڵە بکەی.

دەکرێت هەڵە بڵێی.

ڕاستە خودی هەڵەکردن هەڵەیە، بەڵام هەوڵ نەدان و ئەزموون نەکردن دووجار هەڵەیە.

«هەڵەکانت بکە پەیژە بۆ سەرکەوتن، نەک هەڵەکان ببن بە بەربەست و بتوەستێنن.»



## خۆشمان هۆکارین!

بزانە ئەوەی هەیە و ئەوەی ڕووی داوە، تۆ خۆت بۆ خۆتت کردووە؟!

ئێمە هەندێک جار خۆپەرستین دەڵێین: بەهۆی ئەمەوە بوو، ئەوەی کرد.

بەڵام، زۆر خۆمان خۆشدەوێت حەزناکەین بیخەینە سەر خۆمان.

## بەخشین

ببەخشە، دەزانم بارودۆخی دارایي سەختە، بەڵام تکایە رێگە مەدە ئەم هەستە جوانەی بەخشین کە لەدڵتدا هەیە هەروا بمینێتەوە و هەمیشە بڵێی: با من جارێ فریای خۆم بکەوم!

ببەخشە ئەگەر کەمیش بێت (کەم بە کەم مەزانە)، گەر توانای ئەم کەمە بەخشینەشت نەبوو دەستەکانت بخە کار و بەرزیان بکەوە بۆ دەرگای خودا و نزای خێر و چاکەیان بۆ بکە.



## گەورەبوون

ئاگادار بە، با گەورە بوونت هەستە پاکی و جوانییەکانی منداڵیت لێ نەبەن.

سەیرکە؛ لە منداڵیدا هەموو شتێک دەهاتە پێش چاومان و پێدەکەنین!

من دەلێم ڕەنگە هی پاکی ناخمان بووبێت، بۆیە مەهێڵە ئەم پاکییە بڕوات.

ڕەنگە بڵێی سەختە.

نەخێر سەخت نییە، بۆ نموونە دەتوانیت لە وتەکانی خوا ڕابمێنیت و پشتیان پێ ببەستیت و پاکییەکەشت لەدەست نەدەیت.



## ئەم کارە ئەنجام بدە!

ئەوەی هەتە نرخی بزانە، دەی دوای لەدەستدان مەڵێ بۆ وام کرد و بۆ وام گوت.

ئێستا دەچم بە دایکم دەڵێم خۆشم دەوێ.

هەستە وتۆش ئەو کارە ئەنجام بدە، نرخی بوون بزانە و هەست بە شادییەکانی بوون بکە.



## هەرگیز تۆ تەنیا نیت

وا هەست نەکەیت تۆ تەنیای هەرگیز تۆ تەنیا نیت ...

چونکە ئەو خودایەی کە هەموو شتێک دروستکراوی ئەوە، هەمیشە لەگەڵتە.

تۆش بڕیار بدە هەمیشە لەگەڵ ئەو بیت.



## ڕەگ و بنچینەی ژیان!

دەزانیت جوانترین گوڵ بەبێ قەد نابێت و بەبێ ڕەگ دروست نابێت؟

بۆیە بۆ دەستکەوتنی بەرهەمی ژیانت سەیرکە ئایا ڕەگەکەت هەیە؟

گەر دەتەوێت جوانترین ڕەگت هەبێت، قورئان بکە ڕەگ و ڕیشە و گەشانەوەی خونچەکانی ژیانت.



## دووبارە بیربکەوە

ئاگاداری پێوەرەکانی ژیانت بە هەندێک جار پێوەرەکەمان ئەوە هەڵدەبژێرێت کە خۆمان بەدڵمانە و دەمانەوێت، نەک ئەوەی کە ڕاستە.

شتێک کە بە هەڵە تێگەیشتوین، ئەوەیە ئێمە ڕاستی و خۆشی وەک یەک سەیر دەکەین ...

ئایا گەر دووبارە بیر بکەیتەوە هەست ناکەیت کە ناحەقیت بەرانبەر ئەم دوو چەمکە کردووە؟!



## ماندوو بە

ڕێگە بدە ئیتر تۆ ئەوکەسە نەبیت کە هەموو شتێک ئاسان دەستت بکەوێت، و هەوڵ و ماندووبوون و قوربانی دانی نەوێت ...

چونکە ئەوکات زۆربەی شتەکان دووبارە دەبێتەوە، نە بەرهەم نە دەستکەوتی نوێت نابێت ...

ڕێگە بدە ماندوو بیت و قوربانی بدەیت، بەڵام ڕێگە مەدە لەهەمان خاڵدا بوەستیت و هەمان شت دووبارە بکەیتەوە.



## بۆ خودی خۆت وردبین بە!

چاکسازی لە خۆت دا بکە، ڕەخنە لە خۆت بگرە.

زۆرترین وردبینین با بۆ خۆت بێت.

ئەمانە زۆر سەرف دەکەین بۆ بەرانبەرمان ...

بەڵام بیرمان کردووەتەوە خۆمان زۆر پێویستمان پێیەتی!؟



## لەگەڵ زۆرینە مەبە

ئەوەی کە ئێستا زۆر دەوترێت و زۆر دەکرێت، لەبەر  زۆرینەیە.

چونکە بەشێکی زۆر لەگەڵ ئەم شتەن، یان لەگەڵ ئەم باسەن، دەبێت منیش بیکەم!

ئاگادار بە و بزانە پێویستە سەیری "چۆنییەتی" و "چییەتی" و "ئامانج" بکرێت نەک زۆرینە.



## ڕێگاکان جیاوازن

ئەمە سەیرە وا نییە؟ لەبیرمان کردووە ئەوەی کەسێک دڵخۆش دەکات مەرج نییە هەمان ئەو شتە منیش دڵ خۆش بکات.

ئەو ڕێگەیەی ئەو گرتوویەتی بۆ سەرکەوتن، مەرج نییە هەمان ڕێگە منیش سەربخات.

لەبیرمان کردووە کە پەپولە بە باڵی خۆی، نەک باڵی هەڵۆ دەتوانێت بفڕێت!

وە ڕەنگە کلیلێک قفلی دەرگایەک بکاتەوە، بەڵام قفلی هەموو دەرگاکان نا ...



## بزانە بە چی کاریگەردەبیت!

دەزانم قسە دەکەن و دەکرێت، دڵیشت پێی دەشکێ و خەمی لێ دەخۆی.

بەڵام هەمیشە ئەوەت بیر بێت، تۆ ئەو بڕیارەی دەیدەی لەدوای ئەو قسانە کاریگەری و زیانەکەی تەنیا لەسەرخۆت و بۆ زیانی خۆتە، هیچ کار لە قسەکەر ناکات.



## ڕێگە بدە ...

ڕێگە بدە هەمیشە منداڵ بیت و بە دەروونێکی پاک بمێنیتەوە.

ڕێگە بدە ئەو پاکییەی منداڵیت بمێنێت.

ڕێگە بدە وەک منداڵی سادە بیت.

هەمیشە ئاگاداری ئەوە بە با گەورەبوونت منداڵیت نەبات، ڕێگە بدە سادەیی و خەندەکەت و پاکییەکەت بمێنێت.



## هەمیشە گوێگرێک هەیە!

هەمیشە گوێگرێک هەیە، وە گەر کەس نەبوو گوێت لێ بگرێت، برۆ خودا چاوەڕێیە قسەی بۆ بکەیت.

دەزانیت خۆشی ئەم قسەکردنە لەچی دایە؟

خۆشی لەوە دایە ئەو لە هەمووشتێک و بەهەموو شتێک زانایە.

ئەو وەکو مرۆڤەکان نییە تا ڕوونی بکەیتەوە، کە چی کاتێک و بۆچی مەبەستێک و چی بووە.

ئەو خۆی هەموو ئەمانە دەزانێت، کەچی هەر گوێشت بۆ دەگرێت ...



## ئەمانەت لەبیرکردووە!

هەندێک  لەبەر ئەوەی زۆر نزیکی لێی.

هەندێک  لەبەری ئەوەی لەهەمان دۆخی ئەویت.

هەندێک  لەبەر ئەوەی دەیەوێت خۆت فێری بڕیار بیت و دەیەوێت لیی تێبگەیت ...

بۆیە "قسەت بۆ ناکات ڕوونکردنەوەت پێ نادات."



## مەترسە:

هەندێ جار پێویستە بڕیاری قورس و گەورە بدەی و کارێکی قورس بکەی و قسانێکی قورس بڵێیت: دڵنیات دەکەم کە ئەگەر بێت و ئەم بڕیارە نەکەی، یان ئەو قسەیە نەکەی، شتانێکی زۆر لەدەست دەدەی، کە ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت بەدەست هێنانەوەی.

یەکێک لەوشتانەی لەدەستی دەدەی هەندێک جار ناونیشانی کەسایەتییە، هەندێک جاریش وات لێدەکات تۆش کۆپی کەسایەتی ئەوانی تر بیت.



## بڕیاردانی نوێ

هەرگیز پێت نالێم بڕیاری نوێ مەدە، شێوازی نوێ بیرمەکەوە، یان ڕێگەی جیاواز مەگرەبەر، تەنیا دەڵێم سەیری وتەی خودا بکە؛ ئەگەر ئەمەی تۆ لای خودا ڕاست بێت موژدەت لێ بێت ئەوە پشتت دەگرێت.

دەی هەر کەسێکی تر ئەمەی قبوڵ نەبێت دواتر لە بەرهەمەکەی ڕازی دەبێت.

وە شتێک هەرگیز لەبیر مەکە گەر ڕێگاکانی تر و بیر و بڕیارەکانی تر لای تۆ بە هەڵە دایدەنێی، ئەوە بەکەمیان مەزانە و دەست خۆشی لە بکەرەکە بکە، چونکە ئەو پێش تۆ تاقیکردەوە، تۆش بۆت دەردەکەوی کە هەڵەیە.



## جوان بیربکەوە ...

**ئەوە بزانە تۆ بۆ ئەوە دروست نەکراوی تا ژیانت ناخۆش بکەیت**

**ڕاستیت پێ بڵێم ...**

**گەر جوان بیربکەینەوە، ژیانیش جوان دەبێت، ئەوە خۆمانین کەوامان کردووە ئەمانە ڕوو بدەن کە ڕرووو دەدەن، پاشان دەڵێین: بۆ ژیانم ئاوایە؟**



## بێ سۆز مەبە

ئاگاداربە گەورەبوونت وات لێ نەکات کە بەرانبەر بچووکەکان بێ سۆز بیت ...

بزانە ئەم ناسۆزییەت جگە لە خەمێکی زۆر بۆ ئەوان دڵێکی ڕەق بۆ تۆش دروست دەکات.

ئەوەش بزانە کە کەسانی دڵ رەق تەنانەت دڵرەقی بەرانبەر خۆشیان دەکەن و زیان لە خۆشیان دەدەن.



## قسەیەکی بێ کردار؟ یان کردارێکی بێ جوانی!

دەزانیت ئەوەی لەم سەردەماندا هەستی پێ دەکەم چییە؟، ئەوەیە ئێمە هەموومان دەزانین، لەکاتێکدا خۆمان نەزانین، من سەرت لێ تێک نادەم، زۆربەمان بە قسە زانایین، بەڵام بە کردار نا، بۆیە خودی خۆمان نەزانین، بیرت بێت قسەیەکی بێ کردارە، کردارێکی بێ جوانی.

واتا کردارێکی جوان یەکەم شت زەرەر لە خۆت دەدات، چونکە بەردەوامبوونت وات لێدەکات کە سەیری ڕابردووی خۆت دەکەی گۆڕانکارییە جەرگ بڕەکان لە خۆت دەبینی.



## بزانە بەکوێدا دەڕۆیت!

بیستوتە هەندێک کەس دەڵێن بەو شوێنەدا رۆیشتم بۆیە جلەکانم بۆنییان گرتووە و بۆنیان ناخۆش بووە!؟، ئەوە بزانە تۆش وەک ئەوکەسە وای، جا چی گەر بتەوێت هەڵەیەک بکەیت و زەرەر لە بەرانبەرت بدەی و وا بزانی کە خۆت بێ زیان دەبیت، نا وانییە.

سەیرکە ئەو کەسەش کە بەوێدا ڕۆیشتووە، ڕەنگە بۆ شوێنی کارەکەی چووبێت، خۆ نەچووە تا جلەکانی بۆنی ناخۆش بگرێت!



## ئاگاداری هەڵەکانت بە

هەڵەکان وردە وردە کار دەکەنە سەر بیرکردنەوەت، دواتر بڕیار و دواترکردارت، جا ئەو هەڵەیەت بە مەبەستی ئازار گەیاندنی بەرانبەر بێت، یان مەبەستت نەبووبێت.

بزانە بۆ کێ و

لە کوێ و

لە چ کاتێک

تۆ قسە دەکەیت.



## هەندێک جار قەرەبووکردنەوە شت چاك ناکاتەوە!

ئاگادار بە ...

هەندێک جار پێویست دەکات لەو کاتەدا، لەو شوێنەدا، لەو بڕیارەدا لەگەڵ ئەو کەسە بیت.

گەر ئەمە نەکەی ...

ئەوا لەدەستی دەدەی.

جا با دواتریش زۆر شتی بۆ بکەی، قەرەبوو ناکرێتەوە.



## وتنی "نەخێر" مانای دووری نییە!

ئاگاداربە نزیکەکانی تۆ، خۆشەویستانی تۆ، ئەوانە نین کە هەردەم "بەڵێ، بەڵێ" و "ڕاستە، ڕاستە" و "جوانە، جوانە"ت بۆ دەکەن ...

بەڵکو نزیکەکانت ئەوانەن دەبێت هەندێک جار پێت بڵێن: "نەخێر"، یان پێت بڵێن "ڕاست نییت"، یان پێت بڵێن "ئەوەی کردووتە جوان نییە".

سەیرکە؛ ئەوانە تەواوکەری تۆن.



لە ئازارەکانت فێربە «ئازار» بوونی هەر هەبووە، و دەشبێت،

بەڵام گرنگ ئەوەیە تێی بپەڕێنیت.



## کاتی گونجاو بزانە!

ئەگەر چی ڕاست بیت ڕاستتریش هەیە، چۆن ئێمە باڵاتر و باڵاترینمان هەیە.

بزانە، گەر تۆ ڕاست بیت، مەرج نییە تۆ لەو کاتەدا سەرکەوتوو بیت، چونکە ڕەنگە ئەو شوێنە یان ئەوکەسە، یان ئەوکاتە، بۆ ئەو ڕاستییەی تۆ نەگونجێت.



**تکایە جار جار سەیری خۆت بکە ...**

**ئەوە تۆی کە هەیت و دەتوانی تەواوی مەژغوڵییەکان ڕاپەڕێنی.**

**دەی گەر تۆ نەبیت چی؟ کەوایە ئاگاداری خۆت بە ...**



## ڕێگەی چارەسەر

**هەندێک جار خۆت منداڵ بکەوە، هەندێک جار خۆت بکە هەمان تەمەنی ئەو،**

**هەندێک جار به وشه و بڕیارەکانی ئەو بڵێ "بەڵێ وایە"، "ئەمە ڕاستە".**

**دەی بڕوابکە ئەم ڕێگەیە چارەسەرە، پێش ئەوەی دەست بە چارەسەر بکەی.**



## خۆت بە

تکایە ئەوە بزانە کە پێویستە تۆ خۆت بیت.

دەبێت ناونیشانی کەسایەتیت پارێزراو بێت.

تۆ یەک ژین دەژیت لێپرسینەوە لەسەرخۆتە.

خودا لێپرسینەوە لەگەڵ تۆ دەکات، لەسەر ژیانی خۆت.

بۆیە گرنگە تۆ خۆت بیت.



### به هەوڵدان ئەوەی دەتەوێت بەدەست دێت

تۆ هاتووی ژیانێک بکەی تەنانەت ئەو دونیاش پێ بەدەست بخەی.

کەواتە ڕووداوەکان گەورە مەکە، شتەکان وەک خۆیان ببینە.

بگری

و

پرسە

و

هەوڵدە.

تا ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بێنی.



## دەکرێت جیاوازبێت!

سەرەتا بزانە خۆشەویستی چییە!

هەر شتێک سوور بوو بڕیار نییە ئەمە واتای خۆشەویستی بێت.

دەی ئەوانەی دەیان بینی و هەستیان پێدەکەی تەنیا لێیان وردبەوە، بزانە ئەمانە چیین؟

ڕێگە مەدە بەشێوازێک لێیان تێبگەی کتومت وەک  ڕای ئەوانەی تر وابێت، واتا چۆن ئەوان لێی تێدەگەن تۆش هەمان شت، نەخێر، بەڵکو جیاوازبە!



## هەنێ کات هیچ مەکە بۆ ئەوەی براوە بیت!

هەندێک جار پێویست ناکات هیچ بکەیت.

چونکە ئەوکاتەی تۆ هیچ شتێک ناکەیت، ئەوا بە گەورەترین کارهەڵساوی.

بۆ نموونە: کاتێک توڕەیت!

## ئەو کەسەی لە خۆت زیاتربیرت لێ دەکاتەوە

دەی تۆ لەبەرئەوەی زۆر ئازیزیت.

زۆر بۆی گرنگی و زۆر خۆشی دەوێی.

بۆیە ئەم شتەی ئێستا دەڵێی "بۆ پێت نەوتم" یان "بۆ نەتکرد".

سەرەتا سەیربکە ئەو لەبەر تۆ نەی وت ، لەبەرتۆ نەیکرد!

هەندێک جار زیاتر لەخۆت بیری لە تۆکردۆتەوە و لەپێناوتۆ هەڵنەستاوە بەوکارە.

«سوپاس دایکە گیان»



## ڕِەنگدانەوەی ناوی حەکیم:

دەزانیت خودا هەندێک جار پێت نابەخشێت، یان لێت وەردەگرێتەوە، یان درەنگ پێت دەدات، یان ڕەنگە هەر نایدات ...

سەیرکە؛ ئەو بۆیە ئەمانە دەکات چونکە لە خۆت باشتر هەست بەوە دەکات چی بۆ تۆ باشە. دەی ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ناوی (الحكيم) (زانا)ی خودای گەورەیە.



## کێ هەمیشە لەگەڵتە؟

ئەوە خودایە هەمیشە لەگەڵتە.

داوات لێ دەکات داوای لێ بکەی.

تۆ زۆر خۆشەویستی لای خودا؛ ئەوە نییە بەر لەوەی داوای بکەی، تەواوی بەرنامەی ژیانێکی ڕاست و خۆشی بۆ تۆ داناوە لە قورئانەکەیدا.



## چی گرینگە؟!

گرنگ ئەوە نییە ناخۆشی نەبینی.

گرنگەکە لەوە دایە بیربکەیتەوە و هەوڵبدەی و سەیری تواناکانی خۆت بکەی.

دەی ئێستا چەندە خۆشە دوای دۆزینەوەی چارە، هەست بە بوونی خۆت دەکەیت.

ئەمە وەک تاریکی وایە گەر نەبوایە نرخی ڕووناکی نەدەزانرا.



## کێشـە لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان دایە

خودی هەڵەکردن بەقەدەر دووبارە کردنەوەی هەڵە پڕکێشـە نییە.

هەر بۆیە خودا لە هەڵەیەک خۆش دەبێت کە نەکرێتەوە.

بەڵام لە دووبارە کردنەوەی سـزای بۆ تازە دەکاتەوە.



## خودا حەز بە چی دەکات؟!

پێغەمبەری نازدارمان(ﷺ) دەفەرمووێت: (بخۆن و بخۆنەوە و ببەخشن و جلی جوان لەبەربکەن بەبێ زیادەڕەوی و فیزکردن بێگومان خودای گەورە حەزدەکات نیعمەتەکانی بەسەر بەندەکانییەوە ببینێت)

خودا حەز دەکات پێت ببەخشێت و و حەزدەکات تۆ قبووڵی بکەیت و لە تۆدا بیبینێت،

دەی ئێستا ناڵێی ئەم خودایە چەندە ئێمەی خۆش دەوێت.



## تەنیا لە خاوەندارەکەت داوا بکە

تۆ لەکاتێکدا گەورەی بەدیهێنراوانی، بۆیە لە هەرشتێک بوو لە هەرکاتێک بوو، تەنیا لە بەدیهێنەرەکەت داوا بکە، ئەو (الرحمن)ـە، زۆر شتی بۆ داواکردنمان پێی بەخشیوین.



## خودای جیهانیان

ئەی بەندەی خودا بۆچی وا سەرقاڵ و نائارامی؟ ئەی خودا لە پەیمانەکەی نافەرمووێت: (من زانام بە حاڵتان، من دەزانم چی بۆ ئێوە باشە.) ئەی نافەرمووێت: (رب العالمین)، (خودای جیهانیانم). دەی ئەو خودایەی خودای جیهانیانە و بە هەموو جیهان ڕادەگات، چۆن بە فریای تۆ ناکەوێت!؟



## تکایە بوەستە و بیربکەوە!

ئەوەی تۆی بێزارکردووە ...

ئەوەی سکاڵای لەدەست دەکەی ...

ئەوەی زۆر خەفەتی لێ دەخۆی...

بامن پێت بڵێم لە خودی خۆتەوە سەرچاوەی گرتووە، تکایە بوەستە و بەهانەکانت لابدە، باش سەیری خۆت بکە بزانە گەر چاکسازی لە خۆتدا بکەی ئایا ئەمانەش چارە نابێت!؟



ئێمە مرۆڤین، تکایە هیچ ڕێگایەکی تر مەگرەبەر بۆ بەرانبەرەکانت.

تەنیا ڕێگەی دڵ و ئەقڵیان نەبێت.



## بۆ ئاسوودەیی ناخت جوان بکە!

**هەرگیز ئەوەت بیر نەچێت; ئەمە ڕاستییە مێژوو سەلماندویەتی و پێشکەوتنی زیاتر گرنگی ئەمەی دەرخستووە، تۆی مرۆڤ تا ناخت جوان نەکەی (ئاسوودە نابیت).**



## هەموو جیاوازبوونێک هەڵە نییە!

گەر تۆ قبووڵنەکراو بوویت و جیاواز بوویت و بڕیارەکانت بە باش دانەنرا ...

ئەوە بەو مانایە نییە تۆ هەڵەی ...

دەی سەروەری نازداریشمان لەسەرەتادا لەناو خەڵکدا جیاواز و قبووڵنەکراو و بە هەڵەدانراو بوو ...

بەڵام، ئەوەتا ئێمە لە ڕابردوو و لە ئێستا وە نەوەکانی داهاتووش لە داهاتوودا شانازی بە جوانی و باشی کارەکانی و پەیامەکەیەوە دەکەین.



## وەستان پێویستە، بەڵام کۆڵدان نا

هەندێک ڕووداو وادەکەن لەسەریان بوەستی، تەنانەت هەندێک جار خەفەتی زۆری لێ بخۆی، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کۆڵبدەی و بۆ هەمیشە شیوەنی بۆ بکەیت، چونکە دەبێت هەڵسیت و باشی بکەیتەوە، یان کارێک بکەی لەمە باشتر بێت و جێگەی بگرێتەوە، دەی کاتێک ئەم چاوانەت و ئەم جەستە سەلامەتەت هەبێت، بۆ خۆت لە شیوەندا دادەنێی!؟ ئایا کامەیان باشترە؟

هەڵسانەوە، یان مانەوە لە شیوەندا!؟



## سەیرم لێدێت!

سەیرم لێدێت بە سەیرکردنت بۆ هەڵە،  تۆش هەمان هەڵە بکەیتەوە.

ئایا گەر نەخۆشێکی تووشبووی شەکرە ببینی وا خەریکە دەرمانی زەخت دەخوات، کاتێک تۆش تووشی هەمان نەخۆشی  بوویت وەک ئەو دەرمانی هەڵە دەخۆیت!؟



## پێوەری کارە دووبارەکانت چییە!؟

هەندێک شت دووبارە بکەوە، دەست خۆش.

بەڵام هەندێک شت دووبارەی مەکەوە.

پێویستە بۆخۆت پێوەرێک دابنێیت، بەو پێوەرە بزانیت چی دووبارە بکەیتەوە و چی دووبارە نەکەیتەوە.

تکایە ئاگاداربە لە پێوەرەکەتدا «زۆرینە» نـا بەڵکو سەیری «چییەتی» بکە.



## زووڵم لە خۆت مەکە

دەزانیت ...

خودا داوات لێدەکات زووڵم لەخۆت نەکەیت!

ئێمە با سەیری خۆمان بکەین، بەشێک لەو زووڵمانەی لە خۆمانی دەکەین وای کردووە ببێتە هۆکارێک کە زووڵم لە بەرانبەر بکەین!

«زووڵمکردن لەخۆت بوەستێنە با نەبیتە هۆکاری زووڵم کردن لەوانی تر»



من داوات لێ ناکەم لەتوانای خۆت زیاتر بکەی.

تەنیا داوات لێ دەکەم سەیری توانای خۆت بکەیت.

## گفتوگۆکەت دەست پێبکە!

**ئایا زۆر ئاسوودەی بە گفتوگۆ لەگەڵ ئازیزانت!؟**

**ئەی درکت بەوە کردووە خۆ نوێژیش گفتوگۆیە لەگەڵ بەدیهێنەری خۆت و ئازیزترینت!؟**

**ئایە ئەو لە هەموو ئازیزانت ئازیزتر نییە؟**

**کەواتە: «گفتوگۆکانت دەست پێبکە.»**



## هەمیشە باشە بڵێ

سەروەری نازدارمان (ﷺ) دەفەرمووێت: (قسەیەکی خێر بکە یان بێدەنگ بە).

پێویست ناکات زۆر له خۆت بکەیت و هەمووکات و لە هەموو باسێک قسە بکەیت، کاتێکیش قسەت کرد یان با قسەی خێر بێت، یان مەیکە.



## وەک خۆت بیبینە و بەهانەکەی قبووڵ بکە

وەکو خۆت سەیری بەرانبەرەکانت بکە.

چۆن هەمیشە بەهانە بۆ خۆت دێنیتەوە و دەڵێی لەبەر ئەمە نەمتوانی ...

دەی بەرانبەرەکانیشت مرۆڤن با بەهانەکانت بەشی ئەوانیش بکات.



گرنگ ئەوە نییە تۆ لەچ ئاستێکی باڵادای.

ئاستی باڵا ئەوەیە کە لەو ئاستەی هەی باشبیت.



## سەیری لەخۆت بەرزترمەکە

هەرگیز مەڵێ: "کەس وەک من نییە و هێندەی من کێشەی نییە"، چونکە سەروەرمان (ﷺ) دەفەرمووێت: (سەیری خوار خۆتان بکەن تا قەدری نیعمەتی خودا بزانن).



## هەمووکات هەمووشتێک بە ویستی ئێمە نییە

ئایا پێت وانییە ئیتر بەسە!؟ هەمووکات ئەو چاوەڕوانییەت نەبێت کە هەموو شتێک باش بێت و ئەوەی ویستت هەر ئەوە بێت.

ڕێگە بەخۆت بدە تاکو تامی ئەو چێژە بچێژی کە لە هەوڵدان و دۆزینەوەی چارە و بەردەوامیدایە.



## تۆ تەنیا نیت

وانەزانی بەتەنیای وەرە و تامی ئەوە بکە کە خودا هەمیشە لەگەڵتە.

هەموو بێدەنگییەک بەو مانایە نایەت کە تۆیان لا گرنگ نییە، بەڵکو ئەوانە ئەوەندە متمانە و خۆشەویستیان بۆت هەیە کە بە خۆیان دەڵێن ئەو هەمیشە ڕاست دەکات، بۆیە ڕێز لە بیر و بۆچوونی دەگرم و بێدەنگ دەبم.

«قەدری ئەم بێدەنگییە بگرە»



## دەكرێت هەڵە تێبگەین!

دەزانیت ئێمە هەڵە تێگەیشتوین!؟ وادەزانین نزیكەكانمان خۆیان لە ئێمە دوور دەخەنەوە

بەڵام ...

جوان سەیری خۆمان نەكردووە ...

ئەوە ئێمەین كە خۆمان لە وان دوور دەخەینەوە.



## ڕێگە بدە!

تکایە بزانە ئەمانە زۆر گرینگن

ڕێگە بدە با ئەم جارە ڕای ئەو بێ

با قسەی ئەو بێ باتۆش لەسەر ویستی ئەو بیت و بەپێی ویستی ئەو بکە ئێمە قەرزارین

چونکە زۆرکەس ئەمانەیان بۆ ئێمە کردووە ئێمەش دەبێت ئەوەیان بۆ بکەینەوە.



## بۆ دڵخۆشی ئەوان ...

دەزانیت هەندێک کات پێویستە ببین بەو تەمەنەی لە بەرامبەرمانە! هەندێجار پێویستە خۆت بکەیتەوە بە منداڵ، هەندێک جار بۆ دایکت، بۆ باوکت، هەندێک جار بۆ گەورەکان. خۆت وادەربخە کە ئەو شتەی ئەو دەیڵێت تۆ نایزانی، بە گرنگ و بایەخەوە گوێی بۆ بگرە. هەر خۆت و ئەو ئاستەی خۆت مەبە تا بتوانی ئەوانی تریش دڵخۆش بکەیت.



## دڵی بێنەوە

لای نەخۆشەکان باسی ئەو نەخۆشییەی خۆت بکە کە بەسەرتدا هاتووە، تا ئەوکاتەی دەڕۆی لەلای، نەڵێت خۆزگە منیش وەک ئەو ساغ دەبووم، وا جوان دەرۆیشتم و ئاوا جلم بپۆشیایە.



ئەوانەی لەکارێک سەرنەکەوتوون باسی سەرنەکەوتنەکانی خۆت بکە

تا بزانن هەر ئەوان نین کە کەوتوون.

## خۆشەویستی ببەخشەوە

بڕوابکە ئەو دڵەی تۆ زۆر گەورەیە، خۆشەویستی ببەخشەوە، مامۆستایەکم هەبوو دەیوت تەنانەت شتە بێگیانەکانیشت خۆش بوێت تا خۆشەویستیتان بۆ ئەوانەی گیانیان لەبەرە زۆر تربێت.



## بە باشبوونت بیانگۆڕە

ئەو تۆڵەیەی دات ناوە.

ئەو قسەیەی دەتەوێت لە ڕووی بدەی.

ئەو ڕەفتارەی دەتەوێت لە بەرانبەری بکەی.

بە گوێم دەکەی!؟ هەر ئێستا واز لەمانە بێنە، وەرە و هەموو ئەمانە بکە بە باشە و باش بە بەرانبەری، تۆ چوزانی ڕەنگە سەراپای ئەم کەسە بەم باشییەت بگۆڕێت.



## هاوسەران پێویستیان بە نزای باش هەیە

بڕوابکە گەر زۆربەی نزای خراپی ئەو هاوسەرانەی لەیەکتر دەیکەن، بیگۆڕن بۆ نزای باش، ئەوە سوودمەند و بەختەوەر دەبن، چونکە هەرکاتێک کەسێکیان گوێی لەوەی تریان بێت نزای باشی بۆ دەکات، خۆشەویستی بۆی زیاد دەبێت و هەڵەکانی خۆی چاک دەکات، بۆیە واز لە نزای خراپ بهێنن و بیگۆڕن بە نزای باش لە پێناو بەختەوەریتان.



## شایەنی دەستخۆشیکردنی خۆتیت!؟

بە خۆت بڵێ باشم کرد،

هەمیشە مەڵێ خراپم، خراپم کرد. هەر بەڕاست جوان سەیری خۆت بکە شایەنی ئەوەی کە دەست خۆشی لە خۆت بکەی و بڵێی بژیم چەند باشم کرد!؟



## پاڵپشتی خۆت بە!

ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت پشتی کەسێک بگری!؟

ئەوە فێری بکە پشتێک بۆ خۆی دروست بکات کە پێویستی بە کەس نەبێت.

ئاگادار بە چاکە کردن ئەوە نییە نیشانی بدەی گەر تۆ نەبیت ئەو شتە نابێت.



## واتای پشتبەستن

**دەبێت فێربیت**

**پشتبەستن بە خودا واتە دڵنیابوون لەو تواناو بەردەوامی و وزەیەی کە خودا کردویەتییە نێو ناخمان ...**

**پشتبەستن بە خودا واتە پشت دەبەستم بە تەواوی ئەو تواناو هێزەی خودا پێی داوم.**



## مانەوە و ڕۆیشتن پێویستن

هەندێک جار پێویستە هەستی و بڕۆی،

هەندێک جار  بە تەواوی بوونتەوە دەبێت خۆت ڕاگربی و بمێنیتەوە، ئەوە بزانە ڕێگەی چارەسەرەکان وەک یەک نین، هەندێکجار بە پێی بەرانبەرەکەت و شوێن و کاتەکەش دەگۆڕێت.

ئێمە هەندێک جار چواردەورمان دەکەین بە دەخیلەی ئازارەکانمان، دەگەینە هەر کەسێک دەڵێین؛ ئای من ئەو شتەم لێ بەسەرهاتووە چەند گوناحم، چەند بەدبەختم، چۆن بیکەم، خودایە ئەوەی بەسەر من هاتووە بەسەر تۆ نەیێت ...

دەی هاوچەشنی ئەمانە کە دەیڵێن، هەر سەیری دەموچاوی چواردەورمان بکەین دیارە خەمباری دەکەین، هەندێک جاریش گۆمەکە بۆ خۆمان قووڵ دەکەین، چونکە لای زۆر کەس باسی ئازارەکانمان دەکەین دەی ئەوانیش ڕای جیاوازیان هەیە و هەندێکیشیان ڕای هەڵە، بۆیە چارەسەر یان دەکەین.



## بە دڵ نەبوون مانای خراپی نییە

گەر تۆ شتێکت بە دڵ نەبوو، ئەمە واتای ئەوە نییە ئەو شتە خراپە.

ئێمە زۆربەی کات بەم شێوەیە باش و خراپ هەڵدەسەنگێنین.

دەی تۆ گەر فاسۆلیا ناخۆی بەو مانایە دێ کە فاسۆلیا خۆراکێکی زیان بەخشە؟

## دونیا بۆ خزمەتی تۆیە تۆ دووای مەکەوە

**پیرەمێرد دەڵێت:**

**دونیا سێبەرە گەر دوای بکەوی دەڕوات، گەر ڕووت وەرگێڕا ئەو دێ لەدوات.**

**دەی با دونیا لەدوای تۆوە بێت، چونکە خوداش وای دەوێت، ئەوە نییە دەڵێت هەموو شتێکمان بۆ خزمەتی مرۆڤ دروست کردووە، بیانخە خزمەتی خۆتەوە نەک خزمەتی دونیا بکەی.**

## کردارو هەوڵدان دەتگەیەنێت بەو ئاستەی دەتەوێت

کاتێک لە پۆلی" ١٢"دا بووم، هەندێک لە قوتابییەکان قسەی سەیریان دەکرد!

عادەتەن قوتابیان لە ئاستی یەک شارەزان، بەڵام هەندێک قوتابی بەشی وایان دەوت و دەیان وت حەز دەکەین بچینە ئەم بەشە من سەرم سوڕدەما یان سەرم لێ تێک دەچوو لە وەڵامدا دەموت خودا پێت بدات ...ان شاءالله

بەڵام ئەمە دروستکردنی خەفەت و ئازارە بۆ خۆت لە ئاستی خۆتەوە قسە بکەیت گەر ئاستیشت وانییە باشی بکە، چونکە بەڕاستی بە قسە چارە ناکرێت، بەڵکو هەوڵبدە ئاستت بەرز بکە با لە ئاستی قسەت بێت.



## به خەفەت خواردن بە هیچ ناگەین

دەزانیت بۆچی هەندێک جار واهەست دەکەین لە قۆناغێکی قورس و چارەنووس سازی گەورەداین؟ چونکە نازانین دوای ئەم قۆناغەش قۆناغی تر هەیە.

وەک پۆلی ۱۲، دەزانم هەر قۆناغە و هەوڵی خۆی دەوێت و گرنگە، بەڵام بەڕاستی ئەمە قۆناغی کۆتایی ژیانمان نییە، هەر بۆیە بەسە خوێندکارانی پۆلی ۱۲زۆر خەفەت باربن، ڕەنگە ئەوەندەی خەفەت دەخۆین بۆ ئەم قۆناغە کە لامان قۆناغی کۆتاییە ڕەنگە، ئەوەندە هەوڵنەدەین، بۆیە خەمەکانت بەلاوەنێ و هەوڵبدە.



## شـەرم لە نەتوانین دا نییە!

شـەرم لەمانە مەکە

کە بگری

بڵێی ناتوانم

نازانم

نا ...

دەی تۆ مرۆڤی دەکرێت نەتوانی بڵێی ناتوانم.

چونکە هەندێک جار گریانە کە ئارامییە بۆ ناخ و هەندێک جاریش نەتوانینەکەت باشترە لە توانین و کردنت، دەی هەندێک جار گەر بڵێی نا ئەوە لە چەند شتی نا بە دڵی کە لەدوای بەڵێوە تووشت دەبێت رزگارت دەبێت.



## ئەوەی بۆ تۆ نەکراوە تۆ بۆ ئەوانی تری بکە!

نەکەی ئەو شتەی بۆ تۆ نەکراوە، وات لێ بکات بۆ کەسانی تر ئەوە نەکەی.

ڕەنگە هەندێک جار ئەوەنە بۆت نەکرابێت کە ئیتر بیرت بچێتەوە و تۆش بکاتە سەر ڕێتی ئەو کەسانەی کە وادەکەن، بەڵام نەخێر تۆ لەگەڵ هەر نەکردنێک گرنگی ئەوەت بۆ دەربکەوێت گەر ئەو شتەیان بکردبایە چەند باش دەبوو.



## خۆمان دەتوانین باشترین بین؟

به خوا هەندێک جار هەیە ئەم وشەیە خۆش نییە، دەڵێت؛ "به خوا ئافەرین باشت کرد، بەڵام به ڕای من ئەمە ئاوا بوایە، ئەوەنە کەمتر بوایە ... ئاوا و ئاوا"

هەر بەڕاست! بۆ دەمانەوێت هەموو کەسێک لە هەموو کاتێک باشترین بکات لەکاتێک دا خۆمان ناتوانین باشترین بین؟

ڕەخنه بگرە بەلام هەمووکات نا.



## سووربە لەسەرئەنجامدانی تا پێی دەگەیت

دەڵێم! بیرتە ئێمە بە منداڵی سوور بووین کە دەبێت هەر ئەو جلە لەبەر بکەین کە حەزمان لێیەتی، و زۆر ئینکاریمان دەکرد دەبێت ئەو خواردنەی حەزمان لێیەتی هەر ئەوە دەخۆین، دەی ئێستا بیری ئەمانەت کەوتەوە باشتێکی ترت پێ بڵێم ...

هەندێک  کار هەیە دەبێت وەکو منداڵ سوور بین لەسەر ئەنجامدانی و دەست بەرداری نەبین تا پێی دەگەین.



## خەمی گەورە بۆکەسی گەورەیە

ئەو شتەی کە هەستدەکەیت گەورەیە و بەسەرتدا هاتووە، هەرگیز مەڵێ "بۆ"، چونکە ئاستی تۆ بەرز بۆتەوە، تواناکانت زیادی کردووە بۆیە وا هەمان شتی جارانت بەسەردا نایەت.



## ڕێزی ئازیزانت بگرە

ڕێزی ئەو کەسانە بگرە کە هەڵەکانت دەبینن و هیچ شتێکت پێ ناڵێن، چونکە ئەوەندە تۆیان خۆش دەوێت لەوە دەترسن دڵت بشکێنن بە قسەکانیان، بۆیە دڵخۆش بە و بە زووترین کات هەڵەکانت چاک بکەوە، تکایە با چیتر ئەو دڵانە خەفەتت لێ نەخۆن.



هەرگیز مەڵێ گەر وابکەم یان وابڵێم ئەوە خۆم بچووک دەکەمەوە، ڕاستی بچووکی ئەوەیە ڕێگە بدەی هەڵە و خراپەکەت بەردەوام بێت.



## ڕووی میهرەبانانەت هەبێت

هەندێک کات زانیاریەکی کەم و ڕوویەکی خۆش و میهرەبانی نواندن، زۆر کاریگەری لەو قسانەت زیاترە کە زۆرن و قورسن، دەموچاویشت وەک ڕۆبۆت بە درێژایی قسەکانت یەک شێوەیە.



## ئازادی بوون بۆ بەرەوپێشچوونە

**تکایە ئەوە بزانە:**

**کاتێک ئازاد کرای شتێک بکەی یان بڕیارێک بدەیت، یان گوفتارێک بڵێیت، بەو مانایە نایەت کە تۆ هەڵە ناکەیت، یان هەموو شتێک تەواو شارەزای، بەڵکو ڕەنگە بیانەوێت وات لێبکەن زیاتر هەوڵبدەیت و زانیاریت فراوان بکەیت و فێری بڕیار دان بیت.**



## چەتربە بۆ ئەوانی تر

لە وڵاتی ئێمە چەتر زیاتر بۆ باران بەکاردێت، بەڵام ئەوەمان لەبیر کردووە کە دەتوانین هەر بەو چەترە سێبەر بکەین، تا پیرێک لەبەر هەتاو نان نەخوات، منداڵێک لە سێبەردا یاریەکەی بەردەوام بکات، گەنجێک بزانێت کە ئەها ئێمەش وەک ئەو چەترمان پێیە، واتا دەتوانین چەترێک بین بۆ دڵی پیران، بۆ ڕاپەراندنی کاریان، دەتوانین دەستخۆشی و ئافەرین و بژی و باشتکرد و ماشاءاللە بە بچووکەکان بڵێین، دەتوانین بە گەنجەکانیش بڵێین: بەڵێ، ئێمەش هەمان ڕای تۆمان هەیە و ڕاکەت جوانە، پشتگیرت دەکەین.



## هەموو شتێک بۆ خزمەتی تۆیە

باران بێت، هەتاو بێت، بـا بێت، بەفر بێت، گوڵ چرۆ بکات و گەڵا بوەرێت، گرنگ ئەوەیە ئێمە چوار وەرزەکە دەبینین و دڵمان پێی خۆش دەبێت، دەی هەموو شتێکی ژیان ئاوایە، هەوڵبدە چێژیان لێ ببینی، خودا هەموو شتێکی بۆ خزمەتی تۆ دروست کردووە، ئای خوداکەم! من زۆر حەمد و سەنات دەکەم.



## ئامۆژگارییەکان بەنرخن

کە پێت دەڵێتن: "ئەمەی دەیکەی راست نییە، ئەوەی وتت جوان نەبوو، ڕاستت نەکرد"، نرخی ئەمانە بزانە، چونکە هەندێک کەس بەهۆی نەبوونی ئەم وشانە بەشێکی ژیانی بە هەڵە و بەشەکەی تریشی بە پەشیمانی بەسەر برد.



## کەس شایەنی بەکەم سەیرکردن نییە

هەرگیز نەکەی تەنانەت بە چاوی کەمەوە سەیری ڕووخساری کەسێک، یان پیشەکەی، یان ئاستەکەی، یان جەستەی، بکەیت، گەر یەکێک لە نیعمەتەکانی جەستەی نەبوو. چونکە تۆ نازانی ئەو چۆن ژیاوە، ڕەنگە تۆ هەمان ژیانی ئەوت هەبووایە نەگەیشتبایتە ئەو ئاستە و ئەو پیشەیەی ئەو و ئێستای خۆت.



## ڕەخنەگر مەبە، ڕازی بە

چەندە سەیرە، ئەوەندە سنوور دەبەزێنین! هەندێک جار ڕەخنە لە کاری خوداش دەگرین!، ئەوەتا ئەوەی بەندەیەکی خودا نییەتی، ئێمە گاڵتەی پێ دەکەین و پێی پێدەکەنین، لە سورەتی (البقرە ئایەتی ٢١٦ ) خودا دەفەرموویت: (من ئەوەتان پێ دەبەخشم کە باشە بۆتان، وە ئەوەتان پێ نادەم کە خراپە بۆتان) واتا ئێمە بەو شتەی خودا پێمانی دەدات دەڵێین خراپە، کاتێک تۆزێک کێشەمان لەگەڵی هەبێت. بەڵام ئەم قەدەرەی خودا بۆمان جوان و باشە و بە پێچەوانەشەوە. ئەوەی لامان جوان و خۆشەویستە دەکرێت سەرەنجامی ناخۆش و پڕ ئازار بێت.



## ڕاستی:

گەر ئەم وشەیەشم ڕەق بێت هەر دەیڵێم؛ ئەوە بزانە و هەرگیز لەبیری مەکە ڕاستی شتێکە، ئەگەر ئەنجامدان و دەرخستن و وتنی شتێکی قورس بێت، بڕوابکە دەرەنجامی نەکردنی زۆر قورس ترە.



**گەر ڕاستییەکان لەگەڵ ویستی تۆ نەگونجان**

**ئەوە بزانە پێویست بە نەمانی ڕاستییەکەی تۆ نـا، بەڵکو نەمانی ئەو ویستەی تۆ دەکات.**



ئەمانەت بۆ خۆت هەبێت؛

«تەرازویەک بۆ کێشانی کردەوەکانت»،

«سنوورێک بۆ قسەکانت» .

**سەیری خۆت بکە**

**پێش ڕەخنە گرتنت لە کەسانی تر**

**هاوکار بە، لەم سەردەمە باشترین هاوکاری، هاوکاری کردنی خۆتە.**



## دایک و باوکانمان

**جوانترین مەخلوقەکانی خودا «دایک و باوک»بە**

**خودایە؛ فیردەوس بە نسیبی دایک و باوکمان بکە.**

**خودایە؛ ئازارەکانیان بۆ بکە بە خۆشی.**

**ئامین ...**



## نزا ی شوکربکە لە بەرانبەرهەبوونی خێزانەکەت

ئایە لە دوعا و نزاکانتدا وتوتە "خودایە شوکر کە خێزانت پێ داوم؟"

ئایە وتوتە "شوکرکە دایک و باوک و خوشکت برات پێداوم؟"

گەر نەت کردووە یان زۆر دەمێکە نەت وتوە هەر ئێستا ئەم نزایە بکە.

## ئامانجی هاسەرگیرێت چییە؟

تکا دەکەم پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەی بەخۆت بڵێ بۆچی دەتەوێت هاوسەرگیری بکەی.

بڕوا بکە ئەو هۆکارانەی لە ئێستا دا هاوسەرگیری بەهۆیانەوە دەکرێت، گەر بەو هۆیانەوە کراسێکیش بکڕی بۆ هەفتەیەک لەبەری دەکەی، دواتر فڕێی دەدەی

هۆکارەکان زۆر لاوان ...

## بزانە کێ دەکەی بە تەواوکەری ژیانت

**لە هاوسەرگیریدا ئەوە بزانە؛ کەسێک دەکەی بە تەواوکەری هەموو شتێکی ژیانت، تکایە بەزەییت بە خۆتدا بیتە و لەبەر یەک سیفەت و هۆکار، کەسێک مەکە بە هاوسەرت، جا گەر لەبەر ئەو شتانەی لە ئێستادا هەن و کاتین، هاوسەرگیری بکەی، باشتر وایە نەیکەی، چونکە زیانی لە سوودی زیاترە.**



## تەواوکەری یەکتربن

ئەوەی لام سەیرە لە هاوسەراندا ئەوەیە کە پێیان وایە دەبێت هاوسەرەکەی تەواو ‹کامڵ› بێت لەبیریان کردووە کە دەبێت ‹تەواوکەری یەکتر› بن، تۆ نیوە و ئەویش نیوە بێت تا بەهەردووکتان بگەن بە ‹کامڵبوون› .



## تۆ باشیت ...

وا نەزانی ئەو کارەی کە تەنیا تۆ پێی هەڵدەستی و کەسی تر نایکات بچووکە و کەمە و گۆڕانکاری ناکات، هەر هیچ نەبێت دڵخۆش بە کە ئیستا تۆ وەک زۆرکەس نیت، دڵخۆش بە تۆ باش کرداریت.

«پیرۆزە ئەم باشییەت»



## هاوکاربە

تکایە هاوکاربە بە بچووکترین شتیش بێت.

یەکەم سوودی ئەوەیە؛ ئەو هەسەتە خۆشەی لە هاوکاریدا هەیە لەدەستی نادەی، دەی دواتر تۆ چوزانی کە ئەم شتە بچووکەی تۆ لای خودا چەندە گەورەیە؟!



ئارامبە!

ئارامبە!

ئارامبە!

بەڵام وانەزانی ئارامی واتا نەوتن، واتا نەکردن، بەڵکو جۆرێکی ئارامی واتا وتن بە ئارامی و کردن بە ئارامی.



## مناڵ!

ئەو کاتەی بریار دەدەن منداڵێک بهێننە ژیانتانەوە.

بیربکەوە چۆن بە باشترین شێوە پێداویستەکانی بۆ دابین بکەم.

زۆر  گرنگە بزانیت ئەمە مرۆڤە و دڵ و ئەقڵی هەیە، چۆن دەبیتە پێشەنگ بۆ ئەم دڵ و ئەقڵە؟!



## دووبارەی مەکەوە!

گەورەبونمان شتێکی تێدایە؛ ئەوەیە کە لەبیر دەکەین ئێمە چیمان بۆ نەکرا، چۆن لێمان تێنەدەگەیشتن!

با ئێمە وانەبین ....

بەڵام بەداخەوە کاتێک ئێمەش گەورە دەبین لە بەشێک وتە و کردارمان کۆپی گەورەکانمان دەکەینەوە!



## وەک منداڵیت دەتوانیت دڵخۆشبیت!

تکایە وا نەزانی کە ئەو خەندە و پێکەنینەی لە منداڵی بەهۆی شتە سادە و بچووکەکانەوە دەمانکرد و پێی دڵخۆش دەبووین، ئەگەر لە گەورەبوونیشدا هەمان شتی سادە دڵخۆشت بکات هەڵەی، چونکە ئەمە نرخ نەزانینە و کاتێک زانیت کەسانی تر ئەمانەیان نییە، ئینجا هەست بەوە دەکەی نرخیان چەندە!



## پشتیوانی تەنیا بە ماددە نییە!

دەزانیت هەندێک جار بە وتنی ئەوەی: "منیش لەگەڵت دام" و "ڕاست دەکەیت" زۆر کاریگەرترە لەوەی بە شتێکی ماددی گەورە لەگەڵ ئەوکەسەدا بیت؟!



## زیاتر بیربکەوە ...

دەزانم هیچ کەسێک نییە لە ئێمە پەشیمان نەبێت لە کارێکی، لە وتەیەکی، بەڵام با ئەوەش بزانین هەندێک کات بەڕاستی لە پەشیمان بونەوەمان و لە داوای لێبوردن کردنیشمان وا هەست دەکەین جێگەی کار و وتەکە پر ناکاتەوە، چونکە زۆر زۆر خراپمان کردووە.

کەواتە؛ با چارەیەک هەبێت کە پەشیمانییە. بەڵام بەڕاستیش پێویستە پەرە بە خۆمان بدەین زیاتر بیر لە وتە و کردارمان بکەینەوە.



ئەوەندە لێخۆشبوو بە بەرانبەر بە مرۆڤەکان.

ئەوەندەی حەز دەکەی ئەوان لێخۆش بوو بن بەرانبەرت.



گاڵتە بکە،

پێبکەنە،

ئومێد ببەخشە،

دەی بڕوابکە ئەمانە بەشێکی گەورەی ژیان و ڕێگەیەکی بەچێژی چارەسەرن.



"سنووری ڕێز و خۆشەویستیم فراوانە"

هەندێک  جار پێویستە تا لە کەسێک بگەیەنی کە ئەم بیروڕایە، یان ئەو کردەوەیە هەڵەیە، پێویستە ڕێگە بدەی کە هەست بەوە بکات تۆ سنوورێکی سەربازیت بۆ دانەناوە، بەڵکو دەتوانی تێیبگەیەنی سنووری ڕێز و خۆشەویستیم بۆ تۆ زۆر فراوانە.



## کۆتایی:

ئومێدبەخش بن

دروستکار بن

بەردەوام بن

هەڵسنەوە و بەردەوامی بدەن بە ڕێگەکەتان

خودا لەبیرمەکە و لەبیرت ناکات ...

